کۆمسیۆن شەش کاندیدی بەهۆکاری جیاجیا لە ڕکابەرییەکانی هەڵبژاردن بێبەشکرد

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەمڕۆ دووشەممە شەش کاندیدی بەهۆکاری جیاجیا لە ڕکابەرییەکانی هەڵبژاردن بێبەشکرد و ئەو دەنگانەی کە لە کاتی دەنگداندا بەدەستیان هێناوە ڕاگرت. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە شەش بڕیاری جیاوازدا، بڕیاری دوورخستنەوەی هەر یەك لە؛ ئەحمەد عابدین لە هاوپەیمانی سەڵاحەدین، یونس قاسم لە هاوپەیمانی حەسم لە بازنەی بەغدا، نیهاد فەیسەڵ لە هاوپەیمانی سیادە، خوزەی عەلیوە رەکاز لە هاوپەیمانی حەسم، هابە تۆفیق هەمزە لە هاوپەیمانی حەسم و نوفل شەریف فەیسەڵ کاندیدی سەربەخۆ، دەرکرد.

بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆمسیۆن، هاوکاری دوورخستنەوە ئەو کاندیدانە بۆ پێشێلکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و پوچەڵبونەوەی بڕوانامەی ئەکادیمیان گەڕاونەتەوە. کۆمسیۆن بڕیاریشی داوە بە ڕاگرتنی دەنگی ئەو کاندیدانە، کە سیانیان لە هاوپەیمانی حەسمی سوننەکانن.